# وەقایعی کوردستان


رۆژنامەی رەسمی هەرێمی کوردستانە - وەزارەتی داد دەری دەکات

ژمارە (٢١٦) ساڵی حەڤدەم ١٠/ تشرینی یەکەم/٢٠١٧ زایینی ١٨ / رەزبەر / ٢٧١٧کوردی ٢١ / موحەرەم/ ١٤٣٩ کۆچی


## 216

لەم ژمارەیەدا :


| | |
|---|---|
| بڕیاری ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٧ پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق | ل ١ |
| بڕیاری ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٧ پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق | ل ٢ |
| بڕیاری ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٧ پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق | ل ٣ |
| بڕیاری ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٧ پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق | ل ٤ |
| بڕیاری ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٧ پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق | ل ٥ |
| ڕێنمایی ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠١٧ وەزارەتی دارایی و ئابووری<br>دارشتنەوە و ڕێکخستنەوەی پەیکەری یەکەی ژمێریاریەکان | ل ٦ |
| ڕێنمایی ژمارە (٢٣)ی ساڵی ٢٠١٧ وەزارەتی دارایی و ئابووری<br>ڕێنمایی تایبەت بەرێژەی پاشەکەوتی مووچە | ل ٨ |
| ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٧ وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی<br>مۆڵەتی سزادراوان لە فەرمانگەکانی چاکسازی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان | ل ٩ |
| ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٧ وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی<br>کەل و پەلی قەدەغەکراو بۆ ناو چاکسازیەکان | ل ١١ |
| ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٧ وەزارەتی ئەو قاف و کاروباری ئایینی<br>ڕێنمایی تایبەت بە پرسە | ل ١٢ |
| بەیانی ساڵی ٢٠١٧ ئەنجومەنی دادوەری | ل ١٣ |
| بەیانی ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠١٧ وەزارەتی ناوخۆ<br>هەمواری یەکەمی ڕێنمایی ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠١٥ | ل ٢٢ |
| بەیانی ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠١٧ وەزارەتی ناوخۆ<br>هەمواری یەکەمی ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٦ | ل ٢٣ |
| بەیانی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠١٧ وەزارەتی ناوخۆ<br>درێژکردنەوەی ماوەی تۆمارکردنی بەپێی ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٧ | ل ١٤ |
| بەیانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٧ وەزارەتی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی | ل ١٤ |
| بەیانی ژمارە (٣٧ – ٣٨ – ٣٩ – ٤٠ – ٤١)ی ساڵی ٢٠١٧ وەزارەتی وەزارەتی تەندروستی | ل ١٥ |



ناونیشان: هەولێر - چوار ڕیانی فرنسۆ میتران باڵەخانەی وەزارەتی داد.
☎: (٢٢٤٥٥٠٨-٢٦٤٨٩٨٩-٢٢٤٥٥٠٧-٢٢٤٥٥١٤)
http//: www.moj.gov.krd
dad@moj.gov.krd

# وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لأقليم كوردستان - تصدر من قبل وزارة العدل

العدد (٢١٦) السنة السابعة عشرة ١٠/ تشريني الاول/ ٢٠١٧ ميلادي ١٨/ رەزبەر/ ٢٧١٧كوردي ٢١/ محرم/ ١٤٣٩هجري

The Weekly Formal Newspaper of Kurdistan Region , Publishing by Ministry of Justice


## في هذا العدد:

**216**


قرار رقم (١) لسنة ٢٠١٧برلمان كوردستان ـ العراق ص ١٧

قرار رقم (٢) لسنة ٢٠١٧برلمان كوردستان ـ العراق ص ١٨

قرار رقم (٣) لسنة ٢٠١٧برلمان كوردستان ـ العراق ص ١٩

قرار رقم (٤) لسنة ٢٠١٧برلمان كوردستان ـ العراق ص ٢٠

قرار رقم (٥) لسنة ٢٠١٧برلمان كوردستان ـ العراق ص ٢١

بيان رقم (١٣) لسنة ٢٠١٧وزارة الداخلية ص ٢٢

التعديل الاول لتعليمات رقم (٨) لسنة٢٠١٥

بيان رقم (١٤) لسنة ٢٠١٧وزارة الداخلية ص ٢٣

التعديل الاول لتعليمات رقم (٣) لسنة٢٠١٦


فهرست المواضيع باللغة الكوردية فقط


تعليمات رقم (٢٢) لسنة ٢٠١٧ وزارة المالية والاقتصاد ص ٦

تعليمات رقم (٢٣) لسنة ٢٠١٧ وزارة المالية والاقتصاد ص ٨

تعليمات رقم (٢) لسنة ٢٠١٧ وزارة الاعمار والاسكان ص ٩

تعليمات رقم (٣) لسنة ٢٠١٧ وزارة الاعمار والاسكان ص ١١

تعليمات رقم (١) لسنة ٢٠١٧ وزارة الاوقاف والشؤون الدينية ص ١٢

بيان لسنة ٢٠١٧ مجلس الاقضاء ص ١٣

بيان رقم (١٥) لسنة ٢٠١٧ وزارة الداخلية ص ١٤

بيان رقم (١) لسنة ٢٠١٧ وزارة وزارة الاوقاف والشؤون الدينية ص ١٤

بيان رقم (٣٧- ٣٨ – ٣٩ – ٤٠ - ٤١) لسنة ٢٠١٧ وزارة الصحة ص ١٥



No. 216 Date : October , 10 , 2017 Vol.: 17



العنوان : اربيل- تقاطع فرنسو ميتران - بناية وزارة العدل

☎ :(٢٢٤٥٥١٤-٢٢٤٥٥٠٧-٢٢٤٥٥٠٧-٢٦٤٨٩٨٩-٢٢٤٥٥٠٨)

http//: www.moj.gov.krd

dad@moj.gov.krd



مطبعة نازة

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**

**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**
**ژمارەی بڕیار: ١**
**مێژووی بڕیار:٢٠١٧/٩/١٥**

**بڕیاری**
**ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٧**

**پاڵپشت بە حوکمی برگەی (٨) لە ماددەی (٥٦) لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو و، ماددەی (٢٣) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی نائاسایی رۆژی ٢٠١٧/٩/١٥ دا ئەم بڕیارەی دا:**
**یەکەم: ئەرك وفەرمانی سکرتێری پەرلەمان بەڕێز (فخرالدین قادر عارف) بە درێژایی ماوەی ئامادە نەبوونی لە پەرلەماندا، بە ئەندامی پەرلەمان بەڕێز (بێگەرد دڵشاد شکراللە) دەسپێردرێت.**
**دووەم: ئەم بڕیارە لە ڕۆژی پەسندکردنی لەلایەن پەرلەمانەوە کاری پێ دەکرێ و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا بڵاودەکرێتەوە.**

**جعفرإبراهیم ئێمنیکی**
**جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**

**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**
**ژمارەی بڕیار: ٢**
**مێژووی بڕیار:٢٠١٧/٩/٢٣**

**بڕیاری**
**ژمارە ( ٢ )ی ساڵی ٢٠١٧**

**پشت بە حوکمی برگەی (٢) لە ماددەی (٤٣) یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو، و هەردوو ماددەی (٣٣ و ٣٥) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، پەرلەمانی کوردستان ، لەدانیشتنی ژمارە (١)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٧/٩/٢٣یدا بڕیاری ئەمەی خوارەوەیدا:-**

**یەکەم: قەبووڵکردنی وازهێنانی (بیار طاهر سعید دیوالی) لە ئەندامیەتی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق.**
**دووەم: ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونی لە ٢٠١٧/٩/٢٣ـەوە جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمیی ( وەقایعی کوردستان )دا بڵاو دەکرێتەوە.**

**جعفرإبراهیم ئێمنیکی**
**جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**
**ژمارەی بڕیار: ٣**
**مێژووی بڕیار:٢٠١٧/٩/٣٠**

**بڕیاری**

**ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٧**

**پشت بە حوکمی برگەی (٢) لە ماددەی (٤٣) یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو، و هەردوو ماددەی (٣٣ و ٣٥) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، پەرلەمانی کوردستان، لەدانیشتنی ژمارە (٢)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٧/٩/٣٠یدا بڕیاری ئەمەی خوارەوەیدا:ـ**

**یەکەم: قەبوولکردنی وازهێنانی بەڕێز (فخرالدین قادر عارف) لەئەندامیەتی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق.**
**دووەم: ئەم بڕیارە لە رۆژی دەرچوونی لە ٢٠١٧/٩/٣٠ـەوە جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمیی (وەقایعی کوردستان)دا بڵاو دەکرێتەوە.**

**جعفرإبراهیم ئێمنیکی**
**جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**

**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**
**ژمارەی بڕیار: ٤**
**مێژووی بڕیار:٢٠١٧/٩/٣٠**

**بڕیاری**
**ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٧**

**پشت بە حوکمی برگەی (٢) لە ماددەی (٤٣) یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو، و هەردوو ماددەی (٣٣ و ٣٥) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، پەرلەمانی کوردستان، لەدانیشتنی ژمارە (٢)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٧/٩/٣٠یدا بڕیاری ئەمەی خوارەوەیدا:ـ**

**یەکەم: قەبووڵکردنی وازهێنانی بەڕێز (فەرهاد حەمە صالح) لەئەندامیەتی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق.**
**دووەم: ئەم بڕیارە لە رۆژی دەرچوونی لە ٢٠١٧/٩/٣٠ـەوە جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمیی (وەقایعی کوردستان)دا بڵاو دەکرێتەوە.**

**جعفرإبراهیم ئێمنیکی**
**جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**
**ژمارەی بڕیار: ٥**
**مێژووی بڕیار:٢٠١٧/٩/٣٠**

## بڕیاری
## ژمارە ( ٥ )ی ساڵی ٢٠١٧

**پاڵپشت بە حوکمی ماددەکانی (٣٩ و ٤٤) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان- عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو، پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ژمارە (٢)ی ڕۆژی ٢٠١٧/٩/٣٠دا ئەم بڕیارەی دا:**

**یەکەم: قبوولکردنی دەست لە کارکێشانەوەی ئەم ئەندامانەی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق کە ناویان لە خوارەوەدا هاتووە، لەو لیژنانەی خوارەوە:**

**١ـ (گۆران ئازاد محمد) لە ئەندامیەتی لیژنەی کاروباری یاسایی.**

**٢ـ (ریواز فایق حسین) لەئەندامیەتی لیژنەی پیشەسازی و وزە و سەرچاوە سروشتییەکان.**

**دووەم: زیاد کردنی ئەندامی پەرلەمان (ریواز فایق حسین) بۆ سەر لیژنەی کاروباری یاسایی.**

**سێیەم: ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونی لە ٢٠١٧/٩/٣٠ـەوە جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمیی (وەقایعی کوردستان)دا بڵاو دەکرێتەوە.**

**جعفرإبراهیم ئێمنیکی**
**جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**

**ژمارە: ٩/٤/١٠٣٥٦ لە ٢٠١٧/٩/٨**

## ڕێنمایی ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠١٧

## دارشتنەوە و ڕێکخستنەوەی پەیکەری یەکەی ژمێریاریەکان

پاڵپشت بە فەرمانی سەرۆك وەزیران ژمارە(٢٨٨٨) لە ٢٠١٧/٦/٢٢ و لە چوارچێوەی پڕۆژەی چاکسازی و نوێکردنەوەی وەزارەتی دارایی و ئابووری بەهۆی زۆری یەکەی ژمێریاری لە کارگێریە گشتیەکان و زیادبوونی ژمارەی ئەو یەکە ژمێریاریانە بە بەردەوامی وای کردووە زیاتر پشت بەشێوازی خەرج کردنی سیستەمی نامەڵبەندی ببەسترێت ، پێویست دەکات پێداچوونەوە و دیراسەتی ئەو یەکە ژمێریاریانە بکرێت بۆ مەبەستی بەرەوپێش بردنی کەرتی گشتی و دووبارە داڕشتنەوەی پەیکەری ئەو یەکە ژمێریاریانە بەپێی پێوەری نوێ و بە رەچاوکردنی بارودۆخی دارایی و ئابووری هەرێم .
پێویست دەکات ئەو یەکە ژمێریاریانە لە لایەن ژمێریاری کارامە و ڕاهێنراو بەڕێوەببرێت بۆ جێبەجێ کردنی سیستەمی ژمێریاری نوێ لە سەر بنەمای تۆمارکردنی دووانەیی (القيد المزدوج) .
لە کاتێك وەزارەتی دارایی و ئابووری لە سەر ئەوەیە کە پشت ببەستێت بە سیستەمێکی مەڵبەندی لە پارەدان هاوسەنگی دەکات لە نێوان نەختینەیی هەبووە و خەرجی یە لە پێشترینەکانی (أولوية) حکومەتی هەرێم .
لە کاتێکدا کە کردارەکان بە ئەلکترۆنی دەکرێت ، ئەمەش وا دەکات پەیوەندییەکانی پرۆسەی کارکردن بۆ خەرجی و پێدانی پارە خێراتر بکات .

بۆ ئەم مەبەستە کاری پێویست ئەنجام بدرێت لە ڕێگەی :-

١- داڕشتنەوەی پەیکەری یەکە ژمێریاریەکان بەم شێوەیەی خوارەوە :-

أ- هەر دامەزراوەیەك یان دەستەیەك سەر بە سەرۆکایەتی هەرێم یان پەرلەمان یان ئەنجومەنی وەزیران بێت تەنها یەك یەکەی ژمێریاری دەبێت .

ب- هەر بەڕێوەبەرایەتیەکی گشتی لە هەر وەزارەتێك یەك یەکەی ژمێریاری دەبێت لە هەر پارێزگایەك .

ج- هەر پارێزگایەك یەك یەکەی ژمێریاری دەبێت .

د- هەر سەرۆکایەتیەکی زانکۆ یەك یەکەی ژمێریاری دەبێت .

ه- هەر بەڕێوەبەرایەتیەکی گشتی تەندروستی یەك یەکەی ژمێریاری دەبێت .

٢- پێکهێنانی لیژنەی تەکنیکی دارشتنەوەی پەیکەری یەکە ژمێریاریەکان لە هەر وەزارەتێك و دام و دەزگایەکی نەبەستراو بە وەزارەت بە سەرۆکایەتی بەرێوەبەری ژمێریاری و ئەندامێتی ( ژمێریارێك و وردبینێك یان بەرێوەبەری کارگێری و خۆیەتی ) بەپێی هەبوونی ئەو پسپۆرپیانە ، بۆ مەبەستی یارمەتیدان و پێشکەشکردنی پێشنیار و ئامادەکردنی بژاردەکان بۆ بریاردان لە لایەن لیژنەی باڵای دارشتنەوەی پەیکەری یەکە ژمێریاریەکان کە لە خاڵی (٣) دا هاتووە .

٣- لیژنەی باڵای دارشتنەوەی پەیکەری یەکە ژمێریاریەکان لە وەزارەتی دارایی و ئابووری لە بەرێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری کە سەرۆکێك و (٤) ئەندامی پسپۆرن بۆ مەبەستی جێبەجێ کردنی دارشتنەوەی پەیکەری رێکخراوەیی یەکە ژمێریاریەکان بە رەچاوکردنی ئەو پێوەرانەی لە سەرەوە ئاماژەیان بۆ کراوە لیژنەی باڵا دەسەڵاتی چاو پێخشاندنەوە و هەڵاوێرکردنی هەبوونی یەکەی ژمێریاری هەیە بە لە بەر چاوگرتنی هۆکارەکانی (سروشتی کار ، قەبارەی کار ، شوێنی جوگرافی ) لە کاتی پێویستدا .

٤- بۆ هەر روونکردنەوەیەکی پێویست پرسیارەکانتان ئاراستەی لیژنەی تایبەتمەندی هاتوو لە خاڵی (٣)ی سەرەوە لە بەرێوەبەرایەتی گشتیمان بکرێت .

٥- ئەم رێنماییە لە رۆژی دەرچوونیەوە کاری پێدەکرێت و لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**رابەر صدیق محمد**
**بریکاری وەزارەتی دارایی و ئابووری بەوەکالەت**

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**

**ژمارە: ٩/٤/١١٧١١ لە ٢٠١٧/٩/١٢**

## ڕێنمایی ژمارە (٢٣)ی ساڵی ٢٠١٧

## ڕێنمایی تایبەت بەڕێژەی پاشەکەوتی مووچە

**پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێماندراوە و لەسەر ڕەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لە حاڵەتی جێبەجێکرنی سیستەمی پاشەکەوت کردنی مووچە هەندێك لە فەرمانبەران لەکاتی وەرگرتنی سەر مووچەی ساڵانەیان ، ڕێژەی پاشەکەوت کردنی موچەیان دەگۆڕێت و زیاتر دەبێت بۆیە:-**

**١- ڕێژەی پاشەکەوت کردنی مووچەیان هەروەکو خۆی بمێنێتەوە و زیاد نەکرێت واتە لەسەر بنەمای ڕێژەی پاشەکەوتی پێش پێدانی سەر مووچە ، مووچەیان خەرج بکرێت.**

**٢- ئەم ڕێنمایە لەبەرواری ٢٠١٧/٨/١ و بەدواوە جێ بەجێ بکرێت و تەنها ئەو فەرمانبەرانە دەگرێتەوە کە سەر مووچەی ساڵی (٢٠١٧)یان پێدراوە.**

**ڕابەر صدیق محمد**

**بریکاری وەزارەتی دارایی و ئابووری بەوەکالەت**

**وەزارەتی كارو كاروباری كۆمەلآیەتی**
**ژمارە: ٢٩٥٧ لە ٢٠١٧/٨/١٦**

بەپێی ئەو دەستەلآتەی پێمان دراوە لە سیستەمی چاكسازی كۆمەلآیەتی ژمارە ( ١ )ی ساڵی ٢٠٠٨ ئەم ڕێنماییەی خوارەوەمان دەركرد :

## ڕێنمایی ژمارە ( ٢ )ی ساڵی ٢٠١٧

## مۆڵەتی سزادراوان لە فەرمانگەكانی چاكسازی كۆمەلآیەتی لە هەرێمی كوردستان

١- پێدانی مۆڵەت هەموو ئەو سزادراوانە ( گەوران ، نەوجەوانان ) دەگرێتەوە كە خەڵكی عێراقن و دانیشتوی هەرێمی كوردستانن وە لە چاكسازیەكانی هەرێمی كوردستان حوكم بەسەر دەبەن ، جگە لەو سزایانەی كەلە ماددەی ( ٤٠ ) خاڵی ( ١ ، ٢ ، ٣ ) لە سیستەمی چاكسازی دا هاتووە .

٢- مۆڵەتەكە دەبێت لە ( ٥ ) پێنج ڕۆژ تێپەر نەكات جگە لە ڕۆژانی چوون و هاتنەوە .

٣- پێویستە سزادراوەكە چارەكی ماوەی حوكمی لە ناو چاكسازی بەسەر بردبێت كەلەساڵێك كەمتر نەبێت پاش ئەژماركردنی كەمكردنەوەو ماوەی ئازادكردنی بەمەرج وە هەر سێ مانگ جارێك ئەم مۆڵەتەی پێ دەدرێت.

٤- پێكهێنانی لیژنەیەك كە پێك بێت لە ( توێژەری كۆمەلآیەتی و یاسایی و ژمێریاری ) بۆ پێشكەشكردنی ڕاپۆرتی پێویست و پەسەندكردنی ڕاپۆرتەكە بەكۆی دەنگ و ڕەزامەندی بەڕێوەبەر وە بۆ دیاری كردنی پارەی بارمتەی دیاری كراو بە پێی ماوە و جۆری سزاكە .

٥- دانانی كەفیلێكی كەسی ( شخصی ) پەسەندكراو بێت لە لایەن فەرمانگەی دادنووسی . وە دانانی بارمتەی دارایی كە بریتی دەبێت لە پارەی كاش لە بانك بەناوی بەڕێوەبەرایەتی چاكسازی ئەو شارەی چاكسازی لێیەكە لە بڕی ( ٢٥ ) بیست و پێنج ملیۆن دینار زیاتر نەبێت وە لە بڕی ( ٥ ) پێنج ملیۆن دینار كەمتر نەبێت . یان گلدانەوەی ( حجز ) خستنە سەر خانویەك كە نرخەكەی كەمتر نەبێت لە بڕی پارەی دیاری كراو . وە گەڕانەوەی بارمتەكە تەنها بە واژووی بەڕێوەبەر دەبێت .

٦- هەر مۆڵەت دراوێك دواكەوت لە گەڕانەوەی بۆ چاكسازی كە لە ( ٣ ) سێ ڕۆژ تێپەڕ نەكات ، بۆ بەڕێوەبەری گشتی چاكسازی هەیە ئەم ماوەیە بخاتە سەر ماوەی سزاكەی ئەگەر دڵنیا بوو لە بوونی هۆی ڕاستەقینە بۆ دواكەوتنەكە . ئەگەریش دڵنیا نەبوو ئەوا ماوەكە دەخاتە سەر ماوەی سزاكە و مۆڵەت دانیشی بۆ ماوەیەك قەدەغە دەكات .

٧- هەر سزادراوێك بەپێر لە یەك تاوان سزادرابوو وە یەكێك لەو سزایانە ڕێگر بوو لە پێدانی مۆڵەت ، پێویستە تا ئەو سزایە تەواو نەكات مۆڵەتی پێ نەدرێت .

٨- هەر سزادراوێك کە دەست ڕەنگین بوو وە سودی بە چاکسازی گەیاند ، بەڕێوەبەری گشتی بۆی هەیە لەسەر پێشنیاری لیژنەی هونەری و ڕەزامەندی بەڕێوەبەر ، مۆڵەت بداتە ئەو دەست ڕەنگینە بە مەرجێك لەو ماوەیەی کە لەم ڕێنمایی یە دیاری کراوە پتر نەبێت ، ساڵێ تەنها یەك جار .

٩- هەر سزادراوێك بۆ ( ٣ ) سێ جار هاتنەوەی لە مۆڵەت پێشێل کرد ، مۆڵەتی لێ قەدەغە دەکرێت .

١٠- ڕێنماییەکانی پێشووی مۆڵەتدانی سزادراوان کاریان پێ ناکرێت .

١١- ئەم ڕێنمایی یە جێ بە جێ دەکرێت لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) .

**محمد قادر محمد**

**وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**

**وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەلایەتی**

**ژمارە: ٢٩٥٨ لە ٢٠١٧/٨/١٦**

ئاماژە بە ماددەی ( ٤٥ ) لە سیستەمی چاکسازی ژمارە ( ١ ) ی ساڵی ٢٠٠٨ وە بە پێی ئەو دەستەلاتەی پێمان دراوە لە ماددەی ( ٤٦ ) هەمان سیستەم ئەم ڕێنماییەمان دەرکرد :

## ڕێنمایی ژمارە ( ٣ )ی ساڵی ٢٠١٧

## کەل و پەلی قەدەغەکراو بۆ ناو چاکسازیەکان

١- قەدەغەکردنی ماددەی هۆشبەر بە هەموو جۆر و پێکهاتەکانی .

٢- قەدەغەکردنی پارە وخشلْ و زێر جگە لە خەرجی گیرفان کە دیاری کراوە بە بری ( ٥٠٠٠٠ ) پەنجا هەزار دیناری عێراقی بۆ هەر مانگێك .

٣- قەدەغەکردنی هەموو ئامێرێکی تۆمارکردنی دەنگ و کاسێت و فیلمی قەدەغەکراو و تەلەفزیۆن و پلەی ستێشن و سەرجەم ئامێرە ئەلیکترۆنیەکان و کارەبایی بە هەموو جۆرێك ، جگە لەوانەی فەرمانگە دابینیان دەکات .

٤- پەرتووك و گۆڤارو ڕۆژنامەو بلاوکراوەکانی قەدەغەکراو .

٥- ئامێری برینکەر ( الالات الجارحة ) وەك ( چەقۆ ، بۆکس ، خەنجەر ) و یاری ئاگرین ، جگە لەو چەقۆیەی کە چاکسازیەکان دیاری دەکەن بۆ سزادراوان بە مەرجی بەستنەوەی بە زنجیری یەك مەتری .

٦- قەدەغە کردنی ئامێری پەیوەندی کردن بە هەموو جۆرێك جگە لەوەی فەرمانگە دابینی دەکات .

٧- قەدەغە کردنی بردنە ژوورەوەی هەموو جۆرە خواردنێك ، تەنیا ئەوانەی کە لە لایەن بەڵێندەران دابین دەکرێن بە پێی ناوەڕۆکی گرێبەست و خشتەی خۆراك .

٨- قەدەغەکردنی بردنە ژوورەوەی هەموو جۆرە دەرمانێك جگە لەوانەی لەلایەن پزیشکەوە ڕەزامەندی لە سەر دەدرێت .

٩- ئەم ڕێنماییە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی بلاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان).

**محمد قادر محمد**

**وەزیری کارو کاروباری کۆمەلایەتی**

**وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی**

**ژمارە: ٢٥٦٠ لە ٢٠١٧/٩/١٠**

**پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی لە ماددەی (٢) بڕگە (١٢) و ماددەی (٧) لە یاسای وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی ژمارە (١١) بۆ ساڵی ٢٠٠٧ پێماندراوە بڕیارماندا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییەی خوارەوە:**

## ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٧

## ڕێنمایی تایبەت بە پرسە

١- ڕۆژانی پرسە دوو ڕۆژە زیاتر نەبێت .

٢- کاتی پرسە لە وەرزی هاوین ، لە ڕێکەوتی (٥/١ تا٣٠ /٩) لە کات ژمێر (٢:٣٠) بۆ (٦:٠٠) دەبێت کاتی پرسە لە وەرزی زستان لە ڕێکەوتی (١٠/١ تا ٤/٣٠) لە کات ژمێر (١:٣٠) بۆ (٤:٠٠) دەبێت

٣- باشترە قورئان خوێندن بەبێ بەرامبەر بێت ئەگەر پارە وەرگیرا ڕۆژانە لە (٧٥,٠٠٠) هەزار دینار زیاتر نەبێت و ژمارەی قورئان خوێنان هەر چەند بێت بە ئامێری بڵند گۆشەوە .

٤- بێ مۆڵەتی وەزارەتی ئەوقاف قورئان خوێن بۆی نیە قورئانی پیرۆز لە پرسەدا بخوێنێتەوە بە هەماهەنگی لە گەڵ کۆمەڵەی قورئان خوێنان ئەم خاڵە جێ بە جێ دەکرێت .

٥- لە پرسەدا جگە لە قورئانی پیرۆز ، وەعز وتار نادرێت .

٦- بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافەکان و مامۆستایانی ئایینی و قورئان خوێنان پەیوەست دەبن بەبڕیارەکان

٧- نابێت دەنگی بڵند گۆکان (سماعە) ئەوەندە بەرزبێت ببێتە هۆکاری بێزاری و هەراسانی میوانانی پرسە .

٨- بەمەبەستی ئاسنکاری لە کاتی بەخێرهێنانی میوانانی پرسە پێویستە کورسیەکانی ناوهۆڵ وارێکبخرێت میوانانی پرسە بەرامبەر خاوەن پرسە بن .

٩- داوا لە خێرخوازان دەکەین کە هەوڵ بدەن بۆ دروستکردنی هۆڵی پرسە و بۆنەکان بەتایبەتی پرسەی ئافرەتان بۆ ئەوەی دووربکەوینەوە لە هەڵدانی خێوەت و ڕەشماڵ لە گەرەکاندا .

١٠- داوا لە بەرپرسان و کەسایەتییە کۆمەڵایەتیەکان دەکەین کە پشتگیری جێبەجێکردنی ئەم بڕیارانە بن کەلە بەرژەوەندی و خزمەتی گشتییدایە .

١١- سەرجەم ڕێنماییەکان لە ڕێکەوتی (٢٠١٧/٨/١) لە هەرێمی کوردستان جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**تێبینی :**

أ . پرسە یەك ڕۆژ دەبێت لە شاری سلێمانی

ب . ئەم ڕێنمایانە قورئان خوێنی ئافرەتیش دەگرێتەوە .

**د. پشتیوان صادق عبداللە**

**وەزیری ئەوقاف وکاروباری ئایینی بە وەکالەت**

ئه نجومه‌نی دادوه‌ری
ژماره: ٤٤١ له ٢٠١٧/٨/٢٧

## بــەیــان

ئاماژە بە بڕیاری ئەنجومەنی دادوەری ژمارە ( ٥٢ لە ٢٠١٧/٨/٢٢ ) وە بەو دەسەڵاتەی کەبە ئەنجومەنی دادوەری دراوە بەپێی مادده( ٣٤-چوارەم ) لە یاسای دەسەڵاتی دادوەری ژمارە (٢٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ وە ئاماژە بە ڕاپۆرتی چاودێری دارایی کە هاتووە بەپێی نووسراوی دیوانی چاودێری دارایی ژمارە (٢٠٩/٦) لە ٢٠١٧/٧/١٧بڕیاردرا بە :

١- پێدانی سەربەخۆی کارگێری بە بەشی ووردبینی لە دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان وە جیاکردنەوەی لە بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری و لکاندنی ڕاستەوخۆ بە سەرۆکی دادگای پێداچوونەوەی هەرێم وە پەیکەری ڕێکخستنی دادگای ئاماژە پێ کراو ڕاست بکرێتەوە لە سەر ئەو بنەمایە .

٢- ئەو بەیانە جێ بەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە .

ج.سەرۆك
بنگین قاسم محمد
ل/سەرۆکی ئه نجومه‌نی دادوه‌ری

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە:١٦٤٤٤ لە ٢٠١٧/١٠/٤**

**بەیانی ژمارە( ١٥ )ی ساڵی ٢٠١٧**

**درێژکردنەوەی ماوەی تۆمارکردنی تۆمارنەکراو بە پێی رێنماییمان ژمارە ( ١ )ی ساڵی ٢٠١٧**

دوابەدوای رێنماییمان ژمارە(١)ی ساڵی ٢٠١٧ تایبەت بە رێنمایی تۆمارکردنی ئۆتۆمبیلی تۆمارنەکراو کە لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) ژمارە(٢١٢) لە ٢٠١٧/٦/٦ بڵاوکراوەتەوە و لە رێکخستنی کاروباری گومرگ بۆ ئۆتۆمبیلەکان و لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیاماندابە:-

درێژکردنەوەی ماوەی بڕگەی (١) لە ماددەی (٨)ی رێنمایی سەرەوە:

- ئەم رێنماییە تا٢٠١٧/١٢/٣١ کاری پێدەکرێت لە دوای بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) و دەبێت لەو ماوەیە گشت ئەوئوتۆمبیلانەی ئەم رێنماییە دەیانگرێتەوە تۆماربکرێت.

**کریم سنجاری**

**وەزیری ناوخۆ**

---

**وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**

**ژمارە:١ لە ٢٠١٧/٨/١٧**

**بەیانی ژمارە ( ١ )ی ساڵی ٢٠١٧**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ( ماددەی (٧) / بڕگەی ٢ ) لە یاسای وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٠٧و کۆنووسی دانیشتنی ژمارە (٧٧)ی ئەنجومەنی کارگێری خەزنەی خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکاران بریارماندا بە :-

- هێنانەکایەی (إستحداث) کردنی بەشی دەستەبەری کۆمەڵایەتی کرێکاران لە بەرێوەبەرایەتی کارو ڕاهێنانی پیشەیی /زاخۆ سەر بە بەرێوەبەرایەتی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکاران دهۆك
- ئەم بەیانە لە رۆژی دەرچوونی لە رێکەوتی٢٠١٧/٨/١٧ کاری پێدەکرێت.

**محمد قادر محمد**

**وەزیری کاروکاروباری کۆمەڵایەتی**

**وەزارەتی تەندروستی**

**بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (٦) برگەی (٢) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە :-**

## بەیانی
## ژمارە ( ٣٧ )ی ساڵی ٢٠١٧

- **کردنەوەی (ئەم هۆبانەی خوارەوە) لە بەشی کارگێری لە دیوانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر.**

**١- هۆبەی (دەرکردەوە وەرگرتە).**

**٢- هۆبەی (چاپ و کۆپی).**

- **ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچونیەوە رێکەوتی ٢٠١٧/٨/٢٣.**

## بەیانی
## ژمارە ( ٣٨ )ی ساڵی ٢٠١٧

- **کردنەوەی (بنکەی تەندروستی جۆری A) لە ناحیەی حاجی ئۆمەران سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر.**
- **ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچونیەوە رێکەوتی ٢٠١٧/٨/٢٣.**

## بەیانی
## ژمارە ( ٣٩ )ی ساڵی ٢٠١٧

- **کردنەوەی (بنکەی چاودێری تەندروستی کەمپی قەیاوە) لە قەزای شێخان سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی دهۆك .**
- **ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچونیەوە رێکەوتی ٢٠١٧/٩/١٠.**

**د. ڕێکەوت حمە رشید کریم**

**وەزیــری تەندروستی**

**وەزارەتی تەندروستی**

**بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (٦) برگەی (٢) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە :-**

## بەیانی
### ژمارە (٤٠)ی ساڵی ٢٠١٧

- **کردنەوەی ( بنکەی چاودێری تەندروستی کەمپی نرگزلیە١ ) لە قەزای شێخان سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی دهۆك .**
- **ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچونیەوە رێکەوتی ٢٠١٧/٩/١٠.**

## بەیانی
### ژمارە (٤١)ی ساڵی ٢٠١٧

- **کردنەوەی ( بنکەی چاودێری تەندروستی کەمپی نرگزلیە (٢) ) لە قەزای شێخان سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی دهۆك .**
- **ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچونیەوە رێکەوتی ٢٠١٧/٩/١٠.**

**د. ڕێکەوت حمە رشید کریم**
**وەزیـــری تەندروستی**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**باسم الشعب**

**برلمان كوردستان ـ العراق**

**رقم القرار: ١**

**تاريخ القرار : ٢٠١٧/٩/١٥**

## قــرار

## رقم (١) لسنة ٢٠١٧

استناداً لاحكام الفقرة (٨) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل، والمادة (٢٣) من النظام الداخلي لبرلمان كوردستان ـ العراق رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل، قرر البرلمان بجلسته الاستثنائية المنعقدة بتأريخ ٢٠١٧/٩/١٥ الآتي:

**أولاً:** إناطة مهام سكرتير البرلمان بعضوة البرلمان السيدة (بيگەرد دلشاد شكرالله ) طيلة فترة غياب سكرتير البرلمان السيد (فخرالدين قادر عارف).

**ثانياً:** ينفذ هذا القرار أعتباراً من تاريخ اقراره من قبل البرلمان وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**جعفر إبراهيم ئيمنيكي**

**نائب رئيس برلمان كوردستان ـ العراق**

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

**برلمان كوردستان ـ العراق**

**رقم القرار: ٢**

**تاريخ القرار : ٢٠١٧/٩/٢٣**

## قــرار

## رقم ( ٢ ) لسنة ٢٠١٧

استناداً لحكم الفقرة (٢) من المادة (٤٣) قانون انتخاب برلمان كوردستان ـ العراق رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل، والمادتين (٣٣ و ٣٥) من النظام الداخلي لبرلمان كوردستان رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل، قرر برلمان كوردستان ـ العراق في جلسته الاعتيادية المرقمة (١) والمنعقدة بتاريخ ٢٠١٧/٩/٢٣ الآتي:

**أولاً:** قبول استقالة (بيار طاهر سعيد ديوالي) من عضوية برلمان كوردستان ـ العراق.

**ثانياً:** ينفذ هذا القرار من تاريخ اقراره في ٢٠١٧/٩/٢٣ وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**جعفر إبراهيم ئيمنيكي**

**نائب رئيس برلمان كوردستان ـ العراق**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**باسم الشعب**

**برلمان كوردستان ـ العراق**

**رقم القرار: ٣**

**تاريخ القرار : ٢٠١٧/٩/٣٠**

## قــرار

## رقم ( ٣ ) لسنة ٢٠١٧

**استناداً لحكم الفقرة (٢) من المادة (٤٣) قانون انتخاب برلمان كوردستان ـ العراق رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل، والمادتين (٣٣ و ٣٥) من النظام الداخلي لبرلمان كوردستان رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل، قرر برلمان كوردستان ـ العراق في جلسته الاعتيادية المرقمة (٢) والمنعقدة بتاريخ ٢٠١٧/٩/٣٠ الآتي:**

**أولاً: قبول استقالة السيد (فخرالدين قادر عارف) من عضوية برلمان كوردستان ـ العراق.**

**ثانياً: ينفذ هذا القرار من تاريخ اقراره في ٢٠١٧/٩/٣٠ وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).**

**جعفر إبراهيم ئيمنيكي**

**نائب رئيس برلمان كوردستان ـ العراق**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**باسم الشعب**

**برلمان كوردستان ـ العراق**

**رقم القرار: ٤**

**تاريخ القرار : ٢٠١٧/٩/٣٠**

**قـــرار رقم ( ٤ ) لسنة ٢٠١٧**

**استناداً لحكم الفقرة (٢) من المادة (٤٣) قانون انتخاب برلمان كوردستان ـ العراق رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل، والمادتين (٣٣ و ٣٥) من النظام الداخلي لبرلمان كوردستان رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل، قرر برلمان كوردستان ـ العراق في جلسته الاعتيادية المرقمة (٢) والمنعقدة بتاريخ ٢٠١٧/٩/٣٠ الآتي:**

**أولاً: قبول استقالة السيد (فەرهاد حمه صالح) من عضوية برلمان كوردستان ـ العراق.**

**ثانياً: ينفذ هذا القرار من تاريخ اقراره في ٢٠١٧/٩/٣٠ وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).**

**جعفر إبراهيم ئيمنيكي**

**نائب رئيس برلمان كوردستان ـ العراق**

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

**برلمان كوردستان ـ العراق**

**رقم القرار: ٥**

**تاريخ القرار : ٢٠١٧/٩/٣٠**

## قــرار

**رقم ( ٥ ) لسنة ٢٠١٧**

استناداً الى حكم المادتين (٣٩ و ٤٤) من النظام الداخلي لبرلمان كوردستان ـ العراق رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل، قرر البرلمان بجلسته المرقمة (٢) والمنعقدة بتأريخ ٢٠١٧/٩/٣٠ الآتي:

**اولاً:** قبول استقالة اعضاء برلمان كوردستان ـ العراق المدرجة اسماءهم ادناه من عضوية اللجان الاتية:

١ـ (گۆران ئازاد محمد) من عضوية لجنة الشؤون القانونية.

٢ـ (ريواز فايق حسين) من عضوية لجنة الصناعة والطاقة والموارد الطبيعية.

**ثانياً:** اضافة عضوة برلمان كوردستان ـ العراق (ريواز فايق حسين) الى لجنة الشؤون القانونية.

**ثالثاً:** ينفذ هذا القرار من تاريخ اقراره في ٢٠١٧/٩/٣٠ وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**جعفر إبراهيم ئيمنيكي**

**نائب رئيس برلمان كوردستان ـ العراق**

**وزارة الداخلية**

**رقم: ١٥٥٠٨ في ٢٠١٧/٩/١٨**

**بيان رقم (١٣) لسنه ٢٠١٧**

**التعديل الاول لتعليمات منح اجازه شركات استيراد المستلزمات والتجهيزات العسكريه رقم (٨) لسنه٢٠١٥**

اشارة الى تعليمات منح اجازة شركات استيراد المستلزمات والتجهيزات العسكرية الرقم (٨) لسنة ٢٠١٥ والمنشورة في جريدة وقائع كوردستان رقم (١٩٢) في(٢٠١٥/١١/٥) وحسب الصلاحية المخولة لنا بموجب قانون وزارة الداخلية رقم (٦) لسنة ٢٠٠٩ و لمقتضيات المصلحة العامة ،قررنا اصدار بيان تعديل التعليمات المذكورة اعلاه بالشكل الاتي:

**اولا:-**

١-تضاف عبارة (وتجهيزات ومستلزمات الصيد ) الى العنوان الرئيس وتقرأ كالآتي :

(تعليمات منح اجازة شركات استيراد المستلزمات والتجهيزات العسكرية وتجهيزات ومستلزمات الصيد رقم (٨) لسنة ٢٠١٥)

٢- تضاف عبارة ( تجهيزات ومستلزمات الصيد ) وتأتي بعد عبارة ( المستلزمات والتجهيزات العسكرية ) اينما وردت في التعليمات اعلاه.

**ثانيا:** تضاف فقرات (١٠و ١١و١٢) الى ، المادة الاولى من التعليمات اعلاه وتصبح كالاتي:

١٠- تجهيزات ومستلزمات الصيد: تلك المواد والمستلزمات التي تستخدم لاغراض الصيد من المواسم المحددة وتشمل الملابس الخاصة بالصيد وبنادق الصيد وذخيرتها

١١- بندقية الصيد: هي بندقية الصيد غير الالية ذو السبطانة الاحادية أو الثنائية بناظور عادي أو بدون ناظور من عيار (١٢) ملم .

١٢- الخرطوشة : هي ذخيرة بندقية الصيد من عيار (١٢) ملم.

**ثالثا:** تضاف عبارة ( وهواة رياضة الصيد ) الى المادة الثانية وتصبح كالآتي .

(المادةالثانية: الغرض من اصدار هذه التعليمات هو لتنظيم استيراد التجهيزات والمستلزمات العسكرية التي تستخدم من قبل قوات الشرطة والأسايش والبيشمركة والشركات الأمنية وهواة رياضة الصيد ومنع ادخالها الى اقليم كوردستان خلافا للتعليمات)

**رابعاً:** تضاف فقرة (٤) الى المادة العاشرة من التعليمات اعلاه تصبح كالاتي:

٤- اذاكانت المواد المستوردة هي بنادق الصيد أو ذخيرتها يجب تقديم طلب للوزارة لغرض الموافقة وتنظيم شهادة المستخدم النهائي .

**خامسا:** ينفذ هذا البيان من تاريخ نشر في جريدة (وقائع كوردستان).

**كريم سنجاري**

**وزيرالداخلية**

**وزارة الداخلية**

**رقم: ١٦٠١٧ في ٢٠١٧/٩/٢٧**

**بيان رقم (١٤) لسنة ٢٠١٧**

**التعديل الاول لتعليمات تنظيم عمل مكاتب و شركات تعليم السياقة المرقم (٣) لسنة ٢٠١٦**

أستناداً الى الصلاحيات المخولة لنا وفق قانون وزارة الداخلية رقم(٦) لسنة ٢٠٠٩ ولمقتضيات المصلحة العامة والحاقا بتعليمات تنظيم عمل مكاتب و شركات تعليم السياقة المرقم (٣) لسنة ٢٠١٦ المنشورة في جريدة وقائع كوردستان المرقم (١٩٤) في ٢٠١٦/١/٣١ , قررنا اجراء التعديلات الآتية :-

**اولاً:** تعدل المادة الثانية وتقرا بالشكل الاتي :-

المادة الثانية :-

اولاَ: يشترط في بناية المكتب مايلي :-

١- يجب ان يحتوي المكتب على قاعة واحدة على الاقل لغرض تلقي المحاضرات النظرية لاتقل مساحتها عن (٣٠) متر مربع مجهزة بكافة الوساة التعلمية اللازمة لالقاء المحاضرات .

٢- غرفة لمدير المكتب و غرفة للأدارة والتسجيل .

٣- غرفة لاستقبال المتدربين .

٤- تواليت عدد (١) للنساء وعدد (١) للرجال .

٥- ساحة للتدريب لاتقل مساحتها عن (٦٠٠) متر مربع وفق نفس مواصفات ساحات الاختبار العملي للقيادة في مديريات المرور و يحق لعد من اصحاب المكاتب ان يكون لهم ساحة واحدة مخصصة للتدريب بالتناوب ، ويجوز لمكاتب السياقة الاستفادة من ساحات اختبار القيادة مديريات المرور مقابل رسوم محددة في هذه التعليمات .

٦- سيارات للتعليم لايقل عددها عن سيارتين موديل السنة او السنتين التي قبلها و كل سيارة تستعمل لغرض التدريب خمس سنوات فقط و يجب تبديلها بعد ذلك .

٧- تعلق لوحة تحتوي على اسعار و ساعات الاختبار امام انظار المشتركين .

**ثانياَ:** الشروط الواردة في الفقرة (اولاَ) تمثل الحد الادنى للمواصفات .

**ثانيا:-** تعدل المادة الثالثة الفقرة (٢) وتقرا بالشكل الاتي :-

٢. ان لايقل عمره عن ثمانية عشر عاماَ .

**ثالثا:-** تعدل الفقره (٦) من المادة الرابعة وتقرا بالشكل الاتي :-

٦ . يكون اللون الابيض هو اللون المعتمد لسيارات تعليم السياقة و يكتب على البابين الأماميين اسم المركز و عنوانه و رقم الهاتف باللون الازرق ضع مستطيل اصفر مساحة (٤٠ x ٢٠)

**رابعا:-** تعدل الفقرة اولا / ٢ من المادة الرابعة وتقرا بالشكل الاتي :-

٢. حاصل على اجازة سوق مضى على اصدارها مدة لاتقل على سنة واحدة .

**خامسا:-** تعدل الفقرة اولا / ٣ من المادة السادسة وتقرا بالشكل الاتي :

-(اولاً:-

٣ . يقدم رسم هندسي بموقع المكتب موضحا فيه مكونات المكتب و اماكن التدريب النظري و العملي مصدق من قبل مهندس مدني و يصادق عليه في نقابة المهندسين .

**سادسا:-** تصحح الفقرة ثالثا من المادة السادسة وتقرا بالشكل الاتي:-

(**ثالثا:-** يرسل طلب منح الاجازة بعد استكمال الشروط الى وزارة الداخلية / المديرية العامة للديوان / مديرية الشركات الامنية و منح الاجازات )

**سابعا:-** تضاف الفقرة (٣) الى المادة السادسة / خامساَ وتكون كالآتي :-

(٣ . يستوفي مبلغ ١٠٠٠٠عشرة الاف دينار عن كل ساعة استخدام لساحة اختبار القيادة في مديريات المرور)

**ثامنا :-** تضاف الفقرات (٢و٣و٤و٥) الى المادة الثانية عشر وتكون كالاتي :-

(٢ . يغرم المكتب المخالف لهذه التعليمات من قبل مديرية المرور المختصة بمبلغ (١٠٠٠٠٠) مائة الف دينار و عند تكرار المخالفة يغرم بمبلغ (٢٠٠٠٠٠) مائتاً الف دينار ويغرم في المخالف الثالثة مبلغ (٥٠٠٠٠٠) خمسمائة الف دينار .

٣ . تسحب اجازة المكتب لمدة سنة اذا تجاوزت مخالفات المكتب ثلاث مرات في السنة الواحدة ويحتسب اول مخالفة كتاريخ لبدأ سريان السنة .

٤ . تسري الغرامات المنصوص عليها في هذه المادة على شركات تعليم السياقة .

٥ . تودع المبالغ المنصوص عليها في المادة السادسة الفقرة خامسا والمادة السادسة عشر في حساب مديرية الشركات الامنية ومنح الاجازات وتودع المبالغ الاخرى في حساب تطوير المرور .

**تاسعا:-** تضاف الفقرة سادساً الى المادة العاشرة وتكون كالاتي :-

**سادسا:-** اذا ارتكب المكتب مخالفتين متتاليتين خلال سنة من اعادة فتح المكتب بعد سحب الاجازة استناداً الى الفقرة (٣) من المادة (الثانية عشر)

**المادة التاسعة عشرة:**

ينفذ هذه البيان بعد مرور (٩٠) يوماً من تاريخ نشرة في جريدة وقائع كوردستان .

**كريم سنجارى**

**وزير الداخلية**